# بەرنامەی وزە

ئایا حەزدەکەیت کارێکی هەمە جور وخاوەن بەرپرسیاریتی گەورە بکەی؟
ئایا حەزدەکەیت کار لەگەڵ بابەتەکانی سەر بە کاتی ئێستا بکەی؟
ئایا حەز دەکەیت بەدەست پێکردن لە کۆمپانیایی تایبەت بەخۆت لە ئایندە؟
ئایا حەزدەکەیت کارێک بگەڕێی یەکسەر لە دواى دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت هەلی کار یان خوێندنت دەست کەویت لەدەرەوەی وولات؟
لەوانەیە بەرنامەی وزە گونجاویێت بۆت.

لە بەرنامەی وزە بناغەی کار بەدەست دەکەوێت لەگەڵ سیستەمی تەکنیکی لە بواری وزە، و خانوبەرەکان، گەرمکردن و باگۆڕین و ئاودەستەکان (VVS)، و تەکنیکی سارکردن یان گەشتی دەریایی. وەکو تێگەیشتت ئەمە بوارێکی زۆر گەورەوە، و هەلیکی باشە بو پەیدا کردنی بواری تایبەتی گونجاو بۆت. ئەگەر سەیری تەلەفزیون دەکەی یان روژنامە دەخوێنی، بۆت دەردەکەوێت کە بەشێک زۆر لە دەنگ و باس و گفتوگو لە دوری وزە دەسورێت. چاودێری ژینگە و بیرکردن لە دووبارە بەکارهێنانی وزە بەشەکانی گرنگن لەم بەرنامەیەی خوێندن. دەتوانی لەگەڵ هاوریکانت لە خویندنیش بیر لە چونیەتی بەکارهێنانی تەکنەلوژیا بکەی بو ئەوەی یارمەتی مان بدات بو دروستکردنی کومەلگایەکی پتەو.

زۆر لە وەی کە لە بەرنامەی وزە فێردەبی دەتوانی بەکاری بهێنی لە شوێنەکانی تر لە جیهان. ئەگەر هات شارەزاییت هەبێ لە زمان و تێگەیشتن و گرنگی دان بە کەلتوورەکانی تر، هەلیکی باشت دەبێت بو کارکردن لە هەر شوێنیک بێت کە دەتەوێت.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

ئەگەر هاتو بەرنامەی وزەت هەلبژارد دەتوانی لە دواى کارێک بگەڕێی یەکسەر دواى قوتابخانەی دواناوەندی. جۆَری ئەو کارەی کە دەتوانی لە دواى بگەڕێی کە لە سەر ئەو بوارە تایبەتی یە دەوەستێت کە هەلتبژاردووە. هەندێ جار دەست دەکەێ بەکار وەک مەشقپێکراوێک لەسەر پیشەکە بۆ ماوەی سالێک یان چەندین سال. وموووچەی مەشقپێکراو لەسەر پیشەتە پێدەبەخشری و کاردەکەیت لەگەڵ کەسانی مومارس لە پیشەکە تا لیانەوە فێر بیت. چونکە ئەم کەسانە شارەزایی تایبەتیان هەیە وکاردەکەن لە بواری تایبەتی یەکەت بۆ ماوەیەیکی درێژ.

ئەگەر ویستت دەتوانی بەردەوامی بدەیە خوێندن دواى دواناوەندی، دەتوانی فێربوون لە پەیمانگەی پیشەیی بالا هەلبژێری کە ئەو زانیارانەی کە لە بواری گرنگیدانت پێشکەشت دەکات. و دەتوانی بەردەوامی بدەیە خوێندن لە زانکو یان لە پەیمانگای خوێندنی بالا. ئەگەر هاتوو خوێندنی تەکنیکی گەشتی دەریا لە قوتابخانە دواناوەندیت هەلبژارد، دەتوانی بەردەوامی بدەیە خوێندن لە پەیمانگای خوێندنەکانی دەریای بالا.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

لە کاتی خوێندن لە بەرنامەی وزە دەتوانی لە دواى کارێک بگەڕێی وەک بەکارهێنەری ئامیر، چارەسەر، کرێکاری بەکارخستن، تەکنیکی، کرێکاری چارەسەری خانوبەر، بەرپرسی نیشتەجێ، بەرپرسی خانوبەر یان کارگیر.

ئەگەر بەردەوامی بە خوێندن لە دوای قوتابخانەی دواناوەندیت هەلبژارد، هەلی گەورەت بۆ دەرەخسی بو ئەوەی چەندین جوری کار بگەرێی. ئەگەر هات هەر لە ئێستا زانیت چ شتیک دەتەوێت کار لەگەل بکەی، قسە لەگەڵ سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە کە دەتوانیت یارمەتیت بدات بو هەلبژاردنی خولەکانی خوێندن و بواری تایبەتی راست.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی وزە پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆ هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی وزە. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامەکە سێ بواری تایبەتی نیشتمانی هەیە. بە واتا هەمو ئەوانەی کە بەرنامەی وزە لە هەموو وولات دەخوێنن دەتوانن لە نێوانیان هەلبژێرن. لە هەندێک ناوچەدا لەوانەیە چەندین پسپوری لێ هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ تۆ. پرسیار لە سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە!

بوارە تایبەتی یەکانی نیشتمانی ئەمانن:

- تەکنیکی بەکارخستن و چارەسەری – بو تۆ کە دەوتەوێت ئیش بکەی لە بوارەکان چارەسەری خانوبەرەکان، ئێزگەکانی بەرهەمهێنانی وزە یان ئێزگەکانی بەرهەم هێنانی گەرمایی، یان لە بواری تەکنیکی پیشەسازی یان تەکنیکی ئاو و ژینگە، (ئەم پسپوریە بە تەنیا لە ئوسکار شهامن (Oskarshamn) هەیە بەلام کراوەیە بو هەموان).
- تەکنیکی دەریایی – بۆ تۆ کە دەتەوێت ئیش بکەی لە بواری گەشتی دەریایی، چ لە سەر بانی پاپور یان لە ژوری توربینەکان.
- گەرمکردن و باگۆرین و ئاودەستەکان و تەکنیکی سارکردن – بۆ تۆ کە دەتەوێت کاربکەی لە بواری لێکدان و خزمەت گوزاری و بەکارخستن و چارسەری سیستەمی تەکنیکی.

## پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیک

لە بواری بەرانەمەی وزە دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پیشەیی لە کاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی. بە بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن (APU). قوتابخانە هەلدەسێت بە هاوکاری کومپانیەکانی هەمە جور و شوێنەکانی کار بە ئامادەکردنی شوێنی راهێنانی کار بۆت لەو ناوچەی کە تێدا دەژیت. ئەگەر هات کومپانیەکان لە شاری تو پێویستیان بە کارمەندی خاوەن پسپور لە بوارێک دەستنیشانکراو هەبێت لەو کاتە قوتابخانە خوێندن خۆش دەکات بە پێ ی ئەم پێویستە. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

ئەگەر هاتوو بتەوێت تەکنیکی گەشتی دەریایی وەک بوارێکی تایبەت هەلبژێری لەو کاتە پێویستە لە بیری نەکەی کە تو پێویستت بە باوەرنامەی تەندروستی هەیە کاتێک کە جێگای راهێنانی کارێک بەدەست هێنا. ئەگەر بتەوێت کار بکەی یان شوێنی راهێنانی کارێک لە سەر بانی پاپورێک بەدەست بێنی، پێویستە لەسەر تۆ بۆ نموونە توانات هەبیت بو ئەوەی رەنگەکان لە یەکتر جودا بکەی و یەکەی دیتن کەمتر نەبێت لە 0.8 بە بێ بەرچاوەکان لە کاتی دیتن بە هەر دوو چاوەکان لە یەک کاتدا. بو زیاتر پێزانین لەم مەرجانە، دەتوانی قەسە بکەی لەگەڵ سەرپەرشتی خوێندن وهەلبژاردنەکانی پیشەیی بەم بوارە.

**ئاینده و هەلی کار**

داواکاری لەسەر کرێکارەکان لە بواری وزە لە دوا رۆژدا زیاددەبێت. ئێمەی مروڤ پێویستی مان بە سەرچاوەی وزەی نوێ هەیە، سەرچاوەکانی وزەی کۆن دەبێت زیاتر کاریگەر بێت، ئاسانکاری لە پەیداکردنی کارێک بۆت لە وانەی بەرنامەی وزە خویندویەتی لە سەر ئەو پسپورەی دەوەستێت کە هەلدەبژێریت و ئەگەر هات ئامادەیی بۆ بەردەوامی لە سەر خوێندن. بو نموونە ئەگەر بتەوێت ببی بە چارەسەری گەرمکردن و باگۆڕین و ئاو دەستەکان بۆ تۆ هەلیکی باشت دەبی بو ئەوەی کارێک لە دوای خوێندنی دواناوەندی یەکسەر بەدەست بێنی. بەلام ئەگەر بتەوێت کە ببی بە تەکنیک کار یان ئەندازیار لەو کاتە بە ئاسانی دەتوانی ئیش پەیدا بکەی ئەگەر هاتو خوێندنت لە قۆناغی بالاتر تەواوت کرد.